ROJI GEL گەڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧١) یەکشەممە ٢٠٠٧/٣/٢٥

کسینجەر : پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لەهەموو کاتێک گونجاوترە

هێنری کسینجەر وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا بەرۆژنامەی (یەنی شەفەق)ی تورکی گوتووە: ئەگەری دابەشبوونی عێراق و پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر بووە، لەحاڵەتی ڕوودانی شتێکی لەو بابەتەشدا کێشەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤین زیاتر دەبن.

ناوبراو ئاماژەی بەو هەردووە کە داخوازی سەربەخۆیی لەلا ی‌کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ، شیمانی ئەوە هەی هەئەگەر کوردستانی سەربەخۆ رابگەیەنرێ، تورکیا لەدژیان دەربکەوێ‌و کێشەکانی‌ئەو ناوچەیەش ئاڵۆزتر بکات .

کسینجەر دەڵێ: لەکاتی هەڵایسانی‌جەنگی‌نێوان کورد و تورک دوژمنێکی دیکە بۆ ئەمریکا لەناوچەی خۆرهەڵاتی‌ناڤین دروست دەبێ، بەڵام ئەو دیاری نەکردووە ئەو دوژمنە حکومەتی تورکیا یان دەوڵەتی تازە بەسەربەخۆیی گەیشتووی کوردستان دەبێ !!

نەورۆز تورک دەترسێنێ و ئەنکاراش لەزۆربوونی کورد هەراسان دەبێ

هەموو ساڵێک لەسەروبەندی مانگی ئازار کەهاوکاتی جەژنەکانی نەورۆز و سەرکەوتنەکانی بەهاری ١٩٩١ە، تورکەکان هەڵمەتێکی بەرفراوان دژ بەنەتەوەی کورد و پیرۆزیەکانی دەست پێدەکەن، دەیانەوێ لەشکۆمەندی و سەروەریەکانی بدزن و بۆ خۆیانی گل بدەنەوە، ئەمە چەند ساڵێکە تورکەکان بەمەبەستی شکاندنی ترسی جەژنی نەورۆز بانگەشەی ئەوە دەکەن کەنەورۆز جەژنی ئەوانیشە، ئەمساڵ سەرۆکوەزیران لەئاهەنگی ئاگرکردنەوەی نەورۆزدا ئامادەبوو، بەسەر گری ئاگرەکەدا بازی دا، لەوتەیەکدا گوتی: " نەورۆز جەژنی هاوبەشی گەلانە، نابێ کەس لەبەرژەوەندی خۆی دەکاری بهێنێ و بۆ مەبەستی نەتەوەیی سوودی لێوەربگرێ " هەڵبەت ئەردۆگان مەبەستی کورد بوو، کەچی لەبەرانبەر ئەوەدا لەشاری دیاربەکر بەبەشداری هەزاران هەزار کوردستانی و دەیان ڕێبەری هێزە سیاسیەکان یادی جەژنی نەورۆزی بەرز ڕاگیرا، یەکێتی و هاوخەباتی کوردستانیان دووپات کرایەوە، ئیدی خەریکە تورک ترسی لەنەورۆز دەشکێ ، هەرچەندە جەژنی نەورۆز نەکراوە بەپشووی فەرمی، بەڵام ڕاشکاو و ئازادانە پێشوازی لێدەکرێ و ئاهەنگ و شادی بۆ دەگێڕدرێ.

هاوکات لەگەڵ شکانی ترسی تورک لەجەژنی نەتەوەیی نەورۆز، زۆری ڕێژەی کورد لەبەرانبەر تورک لەو وڵاتەی کەناوی لێدراوە تورکیا، حکومەت و ڕێکخراوە پانتورکیزمەکانی هەراسان و نیگەران کردووە. ئەوەی شیاوی باسە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی ڕێگرتن لەزۆربوونی ڕێژەی کورد هەڵمەتێکیان دەست پێکرد و ویستی خەڵکی شارەکانی باکووری کوردستان رازی بکات تا ڕێژەی لەدایکبوون کەم بکەنەوە، بەڵام بەهۆی هۆشیاری خەڵک ئەو پیلانە پووچەڵ کرایەوە.

ڕۆژنامەی بیرگونی تورکی لەسەرەتای ئەم مانگەدا ئاماژەی بەو بەیاننامەدا بوو کەڕێکخراوی کۆمەڵایەتی لەنێو شاری ئیزمیردا بڵاوی کردبۆوەو داوای لەتورک کردبوو کەڕێژەی لەدایکبوون بەرز بکەنەوە، دەنا ڕێژەی خەڵکی دیکە زۆرتر دەبێ و تورک دەبێ بەکەمینە!! هەڵبەت ئەو بانگەوازە تا سەر ئێسکان دەمارگیرانەو ڕەگەزپەرستانەیە، لەگەڵ چەمک و گیانی سەردەمدا نایەتەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەوانەی بەزۆر تورکێتدراون و ئێستا لەژێر گوشار و تۆقاندن و هەڕەشەدان ،ئەگەر ڕۆژێک بۆ ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان بگەڕێنەوە، تورک دەبێ بەکەمینە. ئێمە هیواخوازین چۆن تورکەکان ترسی خۆیان لەجەژنی نەتەوەیی نەورۆز شکاندووەو ناچاربوونە کەئاهەنگ و شایی بۆ بگێڕن، ئاوا ئەنکارا و ڕێکخراوەکانی پانتورکیزم ترسی خۆیان لەزۆری ڕێژەی کورد بشکێنن و بۆ ژیری و لۆژیکی سەردەم و مرۆڤایەتی بگەڕێنەوە.

سەنای ئەمریکا خشتەی کشانەوەی هێزەکان لەعێراق دیاری دەکا

هەواڵەکان: سەنای ئەمریکا وێرای بەرەنگاربوونەوەی سەرسەختانەی کۆشکی سپی کەچی دەنگی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دا

کۆمسیۆنی سەنای ئەمریکا خشتەی دیاریکراوی بۆ کشانەوەی سەربازەکانی ئەمریکا لەعێراق دیارکردووە، دەخوازێ لەچوار مانگی داهاتوو هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەست بەکشانەوە بکەن و تا ٣١ ی مانگی ئازاری ٢٠٠٨ زۆرینەی سەربازەکان لەعێراق بکشێتەوە.

ئەوەی شیاوی باسە ئەم دەنگدانەی سەنا هاوکاتە لەگەڵ گفتوگۆی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر پرۆژە یاسایێکی هاوشێوە کەپێشبینی دەکرێ لەکۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٠٨ دوایین سەربازی ئەمریکا لەعێراق بچێتەدەرێ ، ئەگەر بڕیارەکە ڕەوتی یاسایی وەربگرێ و بخرێتەواری کردارییەوە جۆرج بووش ناچار دەبێ دەستبەرداری سیاسەتی خۆی بێ، ئەمەش کۆتایی بەدەستەڵاتی کۆماریخوازەکان دێنێ و دەروازەی دەستەڵات بۆ دیموکراتخوازەکان دەکاتەوە. لە پێوەندی دەنگدانی سەنای ئەمریکا ، جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا تووڕەیی و نیگەرانی خۆی پێشانداوەو هەڕەشەی بەکارهێنای مافی ڤیتۆی کردووە کە ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران باروبووکردنی شەڕ بە کێشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق گرێ بدەن . ناوبراو گوتویەتی کە ئەمە شانۆگەریەکی سیاسیە و دەیانەوێ پێشکەوتنەکانی سەربازەکان لە مەیدانەکەدا پەک بخەن .

چاودێران پێیانوایە کە ئەو قسەیەی کە نانسی پلوسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران کە گوتوویەتی (ئەم شەڕە هەڵەیەکی گەورەیە و ئەمریکیەکانیش ئامادەنین بەرگەی شەڕێکی بێکۆتایی بگرن) زۆر جۆرج بووشی تووڕە کردووەو بە پیلانێکی دژ بە خۆی لێکدەداتەوە

ڕۆژەڤ

لەوەتەی کوردستان لەلایەن دیترانەوە داگیرکراوە، بێپسانەوەهەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیا و سڕینەوەی ناسنامەو بەسووتماککردنی دراوە. ئەو سوپایانەی بەهێز هاتوون و نیشتمانەکەیان داگیرکردووین هەر بەوەندەنەوەستاون کەفەرمانڕەواییمان بەسەردا بکەن و لەبۆتەی خۆیاندا بمانتوێنەوە، بەڵکو تێکۆشاون ناوی شاخ و دەشت و رووبار و گوند و شارەکانیش بگۆڕن ، ئێستا دوای تێپەڕبوونی سەدان ساڵ ناوی ئەو شوێنانەبەداگیرکراوی ماونەتەوە، دوای ١٦ ساڵ ئازادی و رامالینی لەشکری داگیرکەریش هێشتا هەنگاوێک بۆ گێڕانەوەی ناوەرەسەنەکانی ئەو شوێنانەهەڵنەگیراوەتەوە.

کوردستانیان بەخوێن و گیانی خۆیان پارێزگارییان لەنیشتمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کردووە، وویستویانەدۆستانەلەگەڵ دیتراندا بژین ، وەلێ دژی ستەم و زۆرداری و کوێخایەتی ئەوان راوەستاون و بەربەرەکانێیان لەگەڵدا کردوون ، ئەمڕۆش کوردستانیان زۆر لەجاران شێلگیرانەتر ئامادەن و هێزی مەزنتریشیان هەیەتا پارێزگاری لەخاکی نیشتمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن ، ئەگەر هێزێکی بیانی بەچاوساغی هێزەکانی نێوەخۆش بێتەکوردستان شیانی ئەوەی نابێ بمێنێتەوەو درێژەبەداگیرکاری بدات .

گەلی کوردستان ئێستا لێبڕاوانەچاوی لەئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکانی دیکەبڕیوە، دەیەوێ عەرەبەهاوردەکان بۆ ئەو شوێنانەبگەڕێنەوەکەلێوەی هاتوون ، دەیەوێ شوێنەواری بەعەرەبکردن و بەسووتماککردن بسڕێتەوە، گەرەکیەتی زێدی باب و باپیرانی ناسنامەی خۆی وەربگرێتەوە، کەچی لەم کاتەدا جارێکی دیکەلەپەنای هاوسۆزی بۆ فەلەستینیەکانەوەدەیانەوێ سیاسەتی بەعەرەبکردن لەبەرگێکی دیکەدا نۆژەن بکەنەوە، گەرکیانەئەو فەلەستینیانەی کەئیسرائیل دەریکردوون و هەڵیکەندوون ، بیانهێنن و لەباوەشی کوردستانیان باوێن !!

باوەشکردنەوەبۆ نیشتەجێکردنی فەلەستینیەکان لەکوردستان نەک هەر زیانێکی گەورەبە داهاتووی نیشتمان دەگەیەنێ ، بەڵکو ڕاستەوخۆ بەدیفاکتۆکردنی سیاسەتی ڕاگواستنەکەحکومەتی ئیسرائیل دژ بە فەلەستینیەکان بەڕێوەی دەبات، درێژەپێدانی سیاسەتی بەعەرەبکردنەکەرژێمی سەدام پێڕۆی دەکرد .

زانیاریەکان دووپات لەسەر ئەوەدەکەنەوەکەعەرەبستانی سعودی لەرێککەوتنی مەککەدا هەوڵی داوە باوەڕ بەلایەنەکان بهێنێ تا فەلەستینیەدەرکراوەکان بۆ شوێنی خۆیان نەگێڕدرێنەوەو لەوڵاتانی دیکەدا نیشتەجێ بکرێن ، لەوانەیە بەرنامەڕێژی بۆ ئەوەکرابێ کە بەخشکەیی دەستەڵاتدارانی کوردستان رازی بکەن و بیانهێنن‌لەکوردستان نیشتەجێیان بکەن ، بۆیەدەبێ دەستەڵاتدارانی هەرێم و هێزەسیاسیەکانی زۆر بەهۆشیارییەوەرەفتار لەگەڵ ئەو بەرنامەدارێژراوەدا بکەن و رەتی بکەنەوە، نابێ کورد بۆ خۆی ئاسانکاری بۆ سەرخستنی ئەو پیلانەبکات ، نابێ باوەش بۆ نیشتەجێکردنی فەلەستینیەکان بگیرێتەوە.

ئێمەی کوردستانیانی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی ، ئازارو ستەم چەشتووی دەستی داگیرکار با بۆ هیچ داگیرکارێک نەبین بەپارسەنگ ، دەبێ هاوکاری ڕاگوێزراون و دەرکراوانی گەلانی دیکەش بکەین تا سەر زێدی باب و باپیرانی خۆیان بگەڕێنەوە.

پارلەمانی ئوردەن سزای زیندانیکردن لەسەر ڕۆژنامەوانان هەڵدەگیرێ

هەواڵەکان: پەرلەمانی ئوردەن پێشنیار یاسایێکی ئەنجوومەنی خانەدانان و دادوەری هەموار کرد کەسزای زیندانیکردن بەسەر ڕۆژنامەوانان ناسەپێندرێ.

بترا" ئاژانسی هەواڵی ئوردەن" ئاشکری کرد کەئەنجوومەنی نوێنەرانی شانشینی ئوردەن پێشنیار یاسای چاپەمەنی و وەشانی هەموار کرد، بەو پێیە سزای زیندانیکردن لەسەر ڕۆژنامەوانان هەڵگیراوەو چیتر لەسەر بابەتی ڕۆژنامەوانی کەسێک سزای زیندانی کردنی بۆ دەرناچێ.

شیاوی باسە ڕۆژی ٤-٣-٢٠٠٧ پەرلەمان لەپێوەندی چاپەمەنی و وەشاندا بڕیاری لەسەر پرۆژە یاسایێکی نوێ دابوو، بەڵام سزای زیندانیکردنی ڕۆژنامەوانان لەکاتی سەرپێچێکردندا هەڵنەگیرابوو، کەچی ئەنجوومەنی خانەدانان پێشنیاری کرد کەسزای زیندانیکردن بەیەکجاری هەڵبگیرێ، لەوەڵامی ئەو خواستەدا پەرلەمان یاساکەی هەموار کردو سزای زیندانیکردنی ڕۆژنامەوانانی لەکاتی سەرپێچیدا هەڵگرت، ئیدی بڕاڤی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی و وەشان لەوڵاتی ئوردەن پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و هاوچەرخانە، بەمەش گرەو لەوڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەباتەوە کە تا ئێستا بەیاسا هەوڵدەدەن ڕۆژنامەوانان دەمکوت بکەن، زیندانیان بکەن و مافی دەربڕینی بژچوونیان لێزەوت دەکەن

دوو ساڵ لەمەوبەر حکومەتی ئوردەن لەژێر گوشاری ڕێکخراوەکانی یاساناسی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە پیشەییەکانی نێوەخۆی وڵات بەمەبەستی بەرزکردنەوەی مافی ڕۆژنامەوانان پرۆژەی یاسایێکی نوێی چاپەمەنی و وەشان پێشنیار کردبوو، بەڵام چونکە جێگەی سەرنج و تێبینی ئەندامانی پەرلەمان بوو، لەدەیان کۆبوونەوەدا گفتوگۆی چڕوپڕی لەسەر کرا، ئاکام یاسایێکی پێشکەوتووی لێبەرهەم هات.

لەم ژمارەیەدا

ل٥ گەنج و قەیرانی بەئامرازبوونی

ل٦ چەند ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریی خێزان

ل٧ کاتێ ناودارێک دووچاری کێشەیەک دەبێتەوە!

ئەحمەد تورک و لەیلا زانا ڕووبەڕووی دادگە دەکرێنەوە

هەواڵەکان : دۆزگەری دادگەی دیاربەکر لەبەر ئەوەی ئەحمەد تورک بە وشەی ڕێزدار ناوی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی هێناوەو لەیلا زاناش گوتبووی کورد سێ سەرۆکی هەیە، ئەوانیش تاڵەبانی و بارزانی و ئاپۆن، هەروەها ڕێزدار ئەحمەد تورکیش گوتبووی: بەڕێز ئۆجەلان داخوازی کردبوو کە دەبێ کۆمیتەیەکی پسپۆڕ و بێلایەن ڕەوشی لەشساغی ئۆجەلان کۆنترۆڵ بکەن .

لەلایەکی دیکەشەوە پۆلیسی تورکیا لەسەروبەندی ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵدا لەڕۆژی ٢١-٣-٢٠٠٧ دەستی بەگرتن و ڕاپێچکردنی ئامادەبووان کرد، لەو پێوەندیەدا چل و هەشت کەس گیران کە حەوت لەوان منداڵن.

لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات.

دۆزگەر دەیەوێ لێپرسینەوە لەقسەی ئەواندا بکات و بزانێ ئایا بەگوێرەی یاسا ئەوان تۆمەتبار دەبن و سزا دەیانگرێتەوە یان نا ؟!

ئەوەی شیاوی باسە لەیلا زانا ڕایگەیاندبوو کە کورد سێ سەرۆکی هەیە، ئەوانیش تاڵەبانی و بارزانی و ئاپۆن، هەروەها ڕێزدار ئەحمەد تورکیش گوتبووی: بەڕێز ئۆجەلان داخوازی کردبوو کە دەبێ کۆمیتەیەکی پسپۆڕ و بێلایەن ڕەوشی لەشساغی ئۆجەلان کۆنترۆڵ بکەن .

لەلایەکی دیکەشەوە پۆلیسی تورکیا لەسەروبەندی ئاهەنگی نەورۆزی ٢٠٠٧دا ئەحمەد تورک، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات و لەیلا زانا پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا لەپەیامی پیرۆزبایی خۆیاندا بەڕێزەوە ناوی ئۆجەلانیان هێنابوو، داوای لەدژدا تۆمار کردوون و دەخوازێ بانگهێشتی دادگەیان بکات و